# ژمارە و ئامانژەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق

21-12-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** زنجیرەی دابەزینی ئاست و ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لەسەر هەمان نەریتی چوار خولی پێشوو بەردەوامە، بەم جۆرە: لە هەڵبژاردنی 2005 : 76%، لە 2010 : 62%، لە 2014: 61%، لە 2018 : 44%، لە : 2021، بە 43%، لەم هەڵبژاردنەش بە 41%.

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی 18ی دیسەمبەری 2023، ڕەنگە ڕێژەی نەگۆڕاو و پێشهاتە پێشبینی کراوەکانی بەر لە هەڵبژاردن زیاتر چەسپابن، تاوەکو سوپرایز و لێکەوتە نوێیەکان، دەکرێت لەم تەوەرانەدا ئاماژە بەهەندێکیان بکرێت :

_ زنجیرەی دابەزینی ئاست و ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لەسەر هەمان نەریتی چوار خولی پێشوو بەردەوامە، بەم جۆرە: لە هەڵبژاردنی 2005 : 76%، لە 2010 : 62%، لە 2014: 61%، لە 2018 : 44%، لە : 2021، بە 43%، لەم هەڵبژاردنەش بە 41%، بە فەرمی دیاری کرا ، بەڵام ئەم دوو ڕێژەی دوایی بە ڕێکارێك کراوە کە گوزارشت لە دەنگدەرانی ڕاستەقینە ناکات، بۆ نموونە کۆی ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە 24 ملیۆن و 667 هەزار کەس بوون، بەڵام تەنیا 6 ملیۆن و 599 هەزار کەس بە کردەیی بەشدارییان کردووە کە دەکاتە 26.7% ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بەم پێیەش بایکۆت 73.3% بووە.

_ شیعەکان سەرکەوتن بەسەر خۆیان دا، بەو واتایەی یەکەمجارە یەك هاوپەیمانی سیاسی گەورە کە چوارچێوەی شیعییە لە 13 پارێزگا ڕکابەری لەگەڵ یەکتر بکەن و پاشان یەکبگرنەوە. لە ڕکابەرییەکەشدا کەسایەتی کاریگەری کۆمەڵایەتی کاندید کراون بۆ سوود وەرگرتن لە پێگەیان، سەرباری لۆکاڵی بوونی پرۆسەکەش، پرۆگرام و بانگەشەی هەڵبژاردن ڕۆڵیان نەبووە و زیاتر گفتی دابەشکردنی زەوی و بەخشینەوەی ئیمتیازات و دامەزراندن هەبووە، کە ئەمەش باری حکومەت قورستر دەکات بۆ قۆناخی داهاتوو. هەروەها چاوەڕوانییەکانی خەڵکیش زیاتر دەکات و دەشێت ئەمە متمانە بۆ هەڵبژاردنی 2025 لاوازتر بکات.

_ دەرکەوت ڕکابەرە سیاسییەکەی چوارچێوەی شیعە کە سەدرە میکانیزمی کاری خۆی لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە گۆڕیوە بۆ هەوڵی تێکشاندن و جێگرتنەوەیان لە پرۆسەی سیاسی. سەدر ئامادە نەبوو لەگەڵیان پرۆسە سیاسییەکە بە عەبای هەڵبژاردن جوانتر بکات، ئەمەش مایەی نیگەرانی قووڵە بۆ ڕکابەرەکانی، چونکە دەنگدەرانی هەڵبژاردن تەنیا جەماوەری سوودمەندی حیزب و لیستەکان بوون و گوزارشت لە رای گشتی ناکەن و دەشێت سەدر کەڵك لە لیستی "زۆرینەی بێدەنگ وەربگرێت" کە نەچوون بۆ دەنگدان.

_ لەم هەڵبژاردنە ژمارەیەك پارێزگار لە دەرەوەی هاوپەیمانییە سیاسییەکان بەرێژەی بەرچاو سەرکەوتن، لەوانەش پارێزگارەکانی ئەنبار، کوت (واسط)، کەربەلا، دیارترین ئەو پارێزگارانەش ئەسعەد ئەلعیدانی، پارێزگاری بەسرەیە، ناوبراو توانی لەکۆی 22 کورسی پارێزگاکە، 12 کورسی بباتەوە بۆ لیستەکەی "تەسمیم"، هاوکات خۆیشی وەك کاندید بە تەنیا 156 هەزارو 470 دەنگی بەدەستهێنا کە ژمارەیەکی پێوانەییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پارێزگاری بەغدا لە نێو 9 ملیۆن دانیشتوانی بەغدا سێ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە. ئەم ئاماژەیەش دەری دەخات گوتاری خزمەتگوزاری خەریکە وەك ڕکابەری گوتاری سیاسی و مەزهەبی کاری خۆی دەکات. ئەم حاڵەتەش بۆ نەجم جبوری لە نەینەوا هەمان شتە، ئەم دیاردەیە ئەوەشی سەلماند پارێزگاری جێبەجێکار کاریگەرترە لە پارێزگاری سیاسی.

_ لە ناوخۆی شیعیدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی مالیکی لە ئاست پێشبینی و چاوەڕوانییەکان نەبوون. ئەوەش سەرباری بایکۆتی سەدرییەکانی کە ڕکابەری نەریتی هاوپەیمانییەکەی ئەون. لەم میانەیەشدا ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە سەرباری ئەوەی "دەوڵەتی یاسا" زیاتر لە 530 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنەکە، بەڵام لە بەغدا و بەسرە چووەتە پێگەی سێیەم، لە پایتەخت نەگەیشتە لیستەکەی حەلبوسی و لەو 35 کورسیەشی کە لە کۆی 275 کورسی لە 15 پارێزگا بەدەستهێناوە، تەنیا لە پارێزگای موسەننا (زۆرینە هەژار)یەکەم بووە، لە بەرامبەردا پارێزگای کەربەلای لەدەستداوە کە لە پاش 2005وە پێگەی مێژویی لیستەکەیە.

_ لە هاوکێشەی شیعیدا لیستی هاوبەشی حەکیم _ عەبادی بەناوی "هێزەکانی دەوڵەت" برێك لە شکستی 2021 یان قەرەبووکردەوە بە بەدەستهێنانی 23 کورسی و ئەمەیان ناو نا "گێڕانەوەی پێگە"، بەڵام هێشتا ئەمە نایانکاتە ژمارەیەکی گەورە لە 275 کورسی، لە کاتێکدا سەدرییەکان لە گۆڕەپان نەبوون. ئەم هاوپەیمانییە تەنیا لە یەك پارێزگا دووەم بوون و لە دووانی دیکە سێیەم، ژمارەی دەنگەکانیشیان نزیکەی 308 هەزار دەنگە و لە بەغدا کە شاری عەبادییە و حەکیمی تێدا نیشتەجێیە نەگەیشتنە 70 هەزار دەنگ.

_ هێزە سیاسیە خاوەن باڵە چەکدارییەکانی شیعە، کە هاوپەیمانێتی "نەبنی" یان هەیە بە سەرۆکایەتی عامری و بەشداری خەزعەلی و لەگەڵ "موقاوەمەی ئیسلامی" هاوپەیمانن، زیاتر لە 638 هەزار دەنگیان لە سەرجەم پارێزگاکان بەدەستهێنا، سەرباری ئەوەشی لە 5 پارێزگا یەکەمن (زیقار، میسان، بابل، دیوانیە، نەجەف)، بەڵام لە بەغدا حەلبوسی و لە بەسرە ئەسعەد ئەلعیدانییان تێنەپەڕاند. ئەو ژمارە دەنگەشی بەدەستیان هێناوە بەشێکە لە گۆڕانی دیمەنە سیاسییە شیعەکە کە جاران بەدەست هێزە نەریتییەکانی وەك حیزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ڕەوتی سەدرەوە بوو، بەڵام ئێستا ئەمان بوونەتە گەورەترین هاوپەیمانی براوەی شیعە لە سایەی هەژموونی چەك و مەزهەب و قوربانییەکانی شەڕی داعش.  هاوپەیمانی نەبنی لە قۆناخی داهاتوودا لە بەغدا تووشی بەربەستی حەلبووسی و لەو ناوچانەشدا کە لەڕووی پێکهاتەوە تێکەڵ نین ڕووبەڕووی گرفتی لیستی پارێزگارەکان دەبنەوە.

_ سەرباری پاشەکشەی لیستە شیعییەکان بەرامبەر لیستەکەی حەلبوسی لە بەغدای پایتەخت، بەڵام لە کۆی گشتیدا هێشتا کۆی گشتی دەنگی لیستە شیعەکان زیاترە بە 430 هەزار بەرامبەر 380 هەزار دەنگی لیستە سوننە گەورەکان، بەڵام بۆ دروستکردنی حکومەتی

لۆکاڵی لە بەغدا گرێ و کێشەی زۆر لە پێش دەبێت.

_ یەکەم ئەزموونی هاوپەیمانی هێزە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی "قیم" بە بەشداری حیزبی شیوعی چووە سەرووی 100 هەزار دەنگ لە سەرجەم پارێزگاکان، لە نێو ئەوانیشدا لە دیوانیە سێیەم بووە، لە پارێزگاکانی دیکەش ئەنجامەکانی جۆراوجۆر بوون، ئەم ئەنجامەش ڕەنگدانەوەی باوەڕ نەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە چالاکییە مەدەنییەکانی عێراقە بە گرنگی و بایەخی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بانگەوازەکانیانە بۆ بایکۆت بەهۆی نەبوونی هەلی یەکسان و هەژموونی چەك و پارە و گوتاری ئاینییەوە، ئەمەش جارێکی دیکە مەترسی سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکانی هاوشێوەی تشرینییەکان درووست دەکاتەوە.

_ لە پارێزگا سوننەکان هەوڵەکانی جێگرتنەوەی حەلبوسی شکستیان هێنا، ئەنجامەکانی سەرۆکی لادراوی پەرلەمانیش بێ پێشینە و سوپرایزی گەورە بوون لە نێویشیاندا بردنەوەی بەغدا کە پێشهاتێکی گرنگ و ڕەمزییە، بەتایبەت کە کێبڕکێیەکی توند و سەختی تێدا بووە، هەروەها لە ئەنباریش بانگەشەی "کۆتاییهاتنی حەلبوسی" پووچەڵ کردەوە و کۆی گشتی دەنگەکانیشی لە پرۆسەکە گەیشتە سەرووی 483 هەزار. لە بەرامبەریشدا ڕکابەرەکانی حەلبوسی داکشان بۆ نموونە "الحسم" کە بەرەیەکی بەرفراوانی هێزە سیاسییە سوننەکانە تەنیا 177 هەزار دەنگی بردووە لە بەغدا و ڕۆژئاوای عێراق و پێگەکەشی لە سەرجەم پارێزگاکان شەشەم و حەوتەمە.

_ لە کەرکوك هاوپەیمانیی و لیستی حیزبە کوردییەکان بە بردنەوەی 7 کورسی لە 15 دەبنە خاوەن 47% ی کورسییەکان، لەکاتێکدا پێشتر 63%ی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگایان بەدەستەوە بوو، ئەمە جگە لەوەی لە 2005 وە هێزە کوردییەکان لە هەموو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق لە کەرکوك، زیاتر لە 50% یان بەدەستهێناوە، بەڵام بۆچوونێك هەیە پێی وایە سەرباری ئەنجامەکە هەڵبژاردن وزەی کوردبوونی خرۆشاندەوە لە شارەکە، ئەوەشی سەلماند کە ئیدارەی داهاتووی شارەکە بێ کورد و لە دەرەوەی ئیرادەی کوردی پێکنایەت بە پێچەوانەی واقیعی درووستکراوی پاش 2017.

_ لە کەرکوك ئەنجام هەرچۆن بێت، سازان یەکلاکەرەوەیە، چونکە لەماددەی 13 ی هەمواری سێیەمی یاسای ژمارە 12 ی ساڵی 2018 بڕگەی دووەم دەڵێت: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نابنە بناخەیەك بۆ هەر دۆخێکی یاسایی یاخود ئیداری. لەبڕگەی سێیەمدا دەڵێت بنەماکانی ئەم ماددەیە بۆ خولی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران و خولی ئەنجومەنی پارێزگاش وەك خۆیەتی. لەبڕگەی چوارەمیشدا هاتووە: دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان پێکهاتەکانی پارێزگاکەدا بەدەر لەئەنجامی هەڵبژاردن کاری پێ دەکرێت.

_ لە ناوچەکانی دیکەی جێناکۆك جگە لە کەرکوك، هەژموونی چەك و پارەی لیستە عەرەبی و شیعییەکان و بەهێزبوونی بکەری شیعی لە پاش 2017 و 2018 زیاتر پاڵەپەستۆی لەسەر کورد درووست کردووە بەم جۆرەی خوارەوە:

-لە نەینەوا قەبارەی هێزە کوردییەکان لە 31%ی ناو ئەنجومەنی پێشوو دابەزیوە بۆ 23.5%، لەمەشدا پارتی 4 کورسی و یەکێتی دووان، تێکڕای دەنگی کوردیش لە پارێزگاکە 174 هەزارە.

-لە دیالەش پێکهاتەی کوردی یەك کورسی کوردی بەدەستهێناوە کە هی یەکێتییە و کۆی دەنگە کوردییەکانیش 31 هەزارە لە کاتێکدا لە ئەنجومەنی پێشوو 3 کورسی بۆ لیستە کوردییەکان بووە (2 یەکێتی 1 پارتی).

-لەسەلاحەدین تەنیا یەك کورسی بۆ یەکێتی بەدەستهاتووە، ئەویش لە نێو هاوپەیمانییەکەی "الجماهير الوطنية"ی پارێزگاری پێشووتری سەلاحەدین. دەنگی سەرجەم کاندیدە کوردەکانیش کە پەرتەوازە بوون بەسەر هاوپەیمانییە لۆکاڵییەکان ناگاتە 40 هەزار، ئەم ئەنجامەش تاڕادەیەك هاوشێوەیە لە چاو 2013 کە تەنیا یەك کورسییان بە دەستهێنا لە کۆی 29 کورسی، بەڵام پاشەکشەیە بەراورد بە هەڵبژاردنی 2009ـی ئەنجومەنی هەمان پارێزگا کە هاوپەیمانی برایەتی کوردی دوو کورسی بەدەستهێنا بوو.